واستـ..ئاسایشی نیشتمانی تۆمەتبارێك دەستگیردەكات كە هەڕەشە لە ئاشتی كۆمەڵایەتی كردووە



ئەمە چوارشەممە، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی، دەستگیركردنی تۆمەتبارێكی راگەیاند كە لە پارێزگای واست هەڕەشە لە ئاشتی كۆمەڵایەتی كردووە.

دەزگاكە لە بەیاننامەیەكدا كە دەستی موتەبەع كۆتووە، دەڵێت: مەفرەزەكانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە پارێزگای واست، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەر توانیان تۆمەتبارێك دەستگیربكەن كە لە گرتەیەكی ڤیدیۆییدا دەركەوتووە و هەڕەشە لە ئاشتی كۆمەڵایەتی كردووە.

لە بەیاننامەكەدا ئاماژەی بۆشكراوە: تۆمەتبارەكە بانگەشەی ئەوەی كردووە كە سەركردایەتی بزووتنەوەیەكی "شەڕشگێڕانە" دەكات كە ئامانج لێی وروژاندنی ئاژاوە و هاندانی نارەزایەتی شارستانیە.

ڕونیشیكردەوە: دەستگیركردنی تۆمەتبارەكە بەپێی حوكمەكانی ماددەی(2/200) لە یاسای سزادان ئەنجامدراوە، لەدوانەكانی بەپێی پێویست تۆمارگراون و ڕەوانەی لایەنە دادوەرییە پێیوەندیدارەكان كراوە بە ئەوەی ڕەكاری یاسایی بەرامبەری بگرنەبەر.